# کوڵە چوارشەمە

نووسینی ئازاد کەریمی



**لە ڕاستەوە ماردوخ، خەسرەوە لە ژێرپێی ماردوخدا، گۆلچەرموو، مەشکان،نێرگال یان ئەنوشە، ماشێح(ماسی و سەری زامیاد وا لە خاک هاتوەتە دەرەوە)، بانەبەژن خەتان(ڤینۆس)**

کوڵە چوارشەمە، بە گوێرەی نەریتی کوردی برێتی یە لە دوایین چوارشەمەی ساڵی وەرزێران.

ساڵی وەرزێران لە سەر بنەمای دەورەی کشت و کاڵ هەژمێرکراوە. ساڵی وەرزێران لە پاییزەوە دەست پێدەکا دوای ئەوەی ڕەخشەنە (ئەرزەشکەن، ئەرەشکی گال) ئیزەدی بانەبەژن و فەرمانڕەوای "تۆی ژێرینی زەوی" واتە "ژێرخان" لەگەڵ خوشکەکەی «خەتان»، ئیزەدی بانەبەژن و فەرمانڕەوای پانتای ئاو واتە" وەر" پێکهاتن لە سەر ئەوەی ئیزەد دوموزید(زامیاد) شەش مانگ لە لای ئەرزەشکەن بێ و شەش مانگ لە لای خەتان بێ. بەو مەرجە زامیاد زیندوو دەبێتەوە ئەینا قەت بە زیندوویی ناگەڕێتەوە جیهانی سەر زەوی.

ئەم بڕیار و پێکهاتنە لە مانگی ئەرتەشە واتە سەرەتای پاییز و مانگی نۆی ئانوماکی واتە مانگی نالەبار یان تەرازو جێبەجێ کرا. بەو شێوە زامیاد لە نشیوەران واتە شوێنی مژ و وەنەوز و نوستن لە مادای(هەرێمی نوێبوونەوە) هەڵتووتا و لە خاکدا خەوت.

ئەو شوێنە بە مشتا یان مزدا ئەناسرێ. لە بەر ئەوەی خاک بەشێکە لە خوزا یان سروشت کە لە سەر هێڵی الی خاس یان دەستی ئافرێنەری پەروەردەکاردایە. لەم کاتەدا دوموزید هەر بەوجۆری وا دانیشتووە سەری ئەنێتە سەر هەر دوو مەچەکی وا لە سەر هەر دوو چۆکی پێکەوە نووساوی دایناون. بەم جۆرە دانیشتنە ئەڵێین "خوز."

خوز جۆرێکە لە غەریبی و چوونە ناو دەروونەوە. کاتێ وەرزێر گەنمی وەشاندووە(زامیاد) و باران(ئەشکی خەتان) لە دووری ئەودا باریوە بەسەریدا و خانەی ڕەش و سپی واتە چاوی بەڵەکی خوزا (ژێر و وەری زەوی) تەڕ ئەبێ و پەڵە ئەدا واتە سەرپێڵ درووست ئەکا و (مزدا یان مشتی ئیزەد بل) ئەبێ بە نشینگەی دوموزید(زامیاد) و دوموزید ئەچێتە خوزەوە هەتا زورووان یان نەورۆز کە دەکاتە سەرەتای بەهار و دەسپێکی مانگی کامەران واتە مانگی چوار لە پێگەی ئاسمانی مەڵکە.

کوڵە چوارشەمە واتە کەوڵە بەرخ کە بریتی یە لە پێستەی بەری پارسە یان پاسەوان.

بەرخ یان گۆری نازناوی ئیزەد نێرگال ناسراو بە ئەشکەنە بە هێمای بارام گوڕە.

لە کوڵە چوارشەمەدا ئیزەد نێرگال لە دایک ئەبێ و هەر لە بەر ئەوەی نێرگال فەرمانڕەوای هەسارەی سوور واتە بارام یان مارس ە و چوارەم هەسارەی نێوان خۆر و هەیوان ساری واتە ساتێرن ە ڕۆژی چوارشەمە کراوە بە ناویەوە.

ڕۆژ لە لای باپیرانی پیرۆز و زانا و پایەبەرزی ئێمەی کورد لەگەڵ هەڵهاتنی مانگ لە ئێوارانداا دەستی پێکردووە. هەر بۆیە لە ئێوارەی سێشەمەدا کاتێ مانگ هەڵهاتووە ئیتر چوارشەمە دەستی پێکردووە و نێرگال لەو کاتەدا لە دایک بووە.

نێرگال پارسە یان پاسەوانی مادای یان شوشمە یە. شوشمە هەمان هەلاڵەی مانگی شەوی یەکەمە کە زۆر بەرزە و هێمای دیداری خوای ئافرێنەرە لەگەڵ ئاوێنە کە ماک یان مادەیە و کراسێکە و کراوەتە بەر ئەنگوتکە یان گۆشتی تەنی خودا و دوای ئەوەی خودا وێنەی خۆی لە ئاوێنەدا بینی تریشقە یان ئەرەشتە درووست بوو کە شەوقێکی سپی درەوشاوە بوو بە ناوی شوشمێ یان شاماش و پاشان ئەنگوتکە گەرم داهات و سوورەوە بوو و پەیکەر ی هاتە لەرزە و لەم کاتەدا گوڕ یان تین درووست بوو.

نێرگال لەبەر ئەوەی پاسەوانی براکەی واتە شوشمێ یە پێی ئەڵێن پارسە و هێمای پارسە سەگە و چونکە گیانفیدای براکەیەتی پێی ئەڵێن گۆری و هێمای گۆری بەرخە. لەبەر ئەوەی سوور هەڵگەڕاوە پێی ئەڵێن سوورەکە. هێمای سوورەکە گوێرەکەیە. ئەم گوێرەکە ڕەنگی سوورەکە(کاڵ و سوور، سووروکاڵ، زێرین و سوور، زەردوسوور)یە .

بە گوێرەکەی سووروکاڵ ئەڵێن ئەڵخە واتە ئەڵقەیەکی سوور و زەرد، ئەمەش واتە بڵێسەی ئاگر. بەرخ پاسەوانی گوێرەکەیە و پێیان ووتووە بەڵخە یان بڵقە یان تۆقلەی سەر ئاو. بە بەراز (خۆڵەکەوە) وا هێمای مشقەڵ(کورەی مەرداس)ی ئەم ئاگرە زەردوسوورەیە ئەڵێن تەڵخە چونکە تاڵە و هەروەک پێشتر ووتم بەرازی کەوو هێمای سایە لە وشکانی و لێڵ ی لە ئاودایە. بۆیە پێی ئەڵێن وەرتەڵخەن(وەرەهران، بارام) واتە بەری تاڵی بەپێچەوانەی بەرخ کە هێمای ڕووناکایی ساماڵ و مەندوویی ئاوە و پێیان ووتووە وەربەرخەن یان ئەرخەنە(خارونا) واتە بەری ڕۆشنایی. کە واتە بەرخ هێمای ڕۆشنایی یان درەوشانەوەیە. با ئەوەش ڕوون بکەمەوە ئەم بەرخە، بەرخی مامزە. چونکە مامز هێمای جلوەی شوشمە یا بریسکەی بروسکەی جلوەی خودا لە ئاوێنەی ئانو واتە مادە دایە. کەواتە ئەم بەرخە هەمان مامزە وا کوتوپڕ دەر ئەکەوێ و لە ژێر زەوی دێتە دەرەوە .

لە چیرۆکی دوموزید دا دەخوێنینەوە ڕەوانی دوموزید چووە ژێر زەوی و دوای زیاتر لە چل ڕۆژ لە کوتوپڕدا لە ناوچەی دەون یان سەرگەردانی سەری هەڵێنا و خۆی نیشانی خەتان دا. پاشان چووەوە ژێر زەوی.

دوموزید ئیزەدی پاسەوانی ڕەوان یان ڕۆحە. کەواتە دەرکەوتنی کوتوپڕی شوشمە واتە دەرکەوتنی ئەو مامزە لە ژێر زەوی کە گیانی دوموزیدە و هەروەها ئەکەوێتە بەری ڕووناکایی خانەی وەر لە پانتای خەتان.

مەرزی نێوان وەری بەرخ و وەری بەراز الی یا ایلو یان لهۆن ە واتە ڕووەیە. ڕووە هێزی ڕۆییشتنە و مژی واتە خۆڵەمێشییە. ایلو هەمان ڕمە یان ئەکڕمەیە. ئەکڕمە بریتییە لە دوو تیشکی سەرەتایی خۆر وا کاتێ هەڵدێ و لە ڕاست و چەپەوە ئەدا لە مشقەڵی کەوو و زێرینی ئەکات. ئەم دوو ڕمە دەستن و هێمای دەستی هێزی خودان. کاڵ و کرچی ئەم دوو تیشکە بە دوو شێری زێرین هێما کراون وا ئەم مشقەڵەیان دەورە داوە.

ئەم دوو دەستە بە دوو پەلکە، زنجێر یان ئەڕشتە نەخشێنراون. ئەم دو شێرەش هێمای درەوشاوەیی ئەو ئەڵقە زێرینەن وا باسم کرد کە سولاکە یان گوێرەکەی زەرد و سوورن.

بۆیە بە گوێرەکەی سووروکاڵیان ووتووە سوورەوان چونکە بە دەور سوور یان تاجی نێرگالەوەیە. ئەم تاجە سورە بەڵام ئەم گوێرەکە خۆی بەند یان تەلی ئاسنینی تاجەکەیە وا سوور هەڵگەڕاوە. هێمای سوورەوان سوجەمارە کە مارێکی سوورە و ئاڵاوەتە خۆی و پشتێنەی داوە و هێمای ئەم پێشتەنەدانە تاجی سووری ئاگرینە کە پێی ئەڵێن شیدان. شیدان ناوی هۆزێکی کوردیشە.

لەبەر ئەوەی تاجی ئاگرینی نێرگاڵ سووڕاوەتەوە پێیان ووتووە چەرخو...

هێمای چەرخو چرای سوور بووە کە پێیان ووتووە سەرگەڵە یان کەڵەزەڕ.

کەڵەزەڕ بریتی یە لە بەرازی سێ سەر واتە سێ پایەی ئەم چرا .

لەبەر ئەوەی پایەی چراکە لە زەوی یان خاک دایە و خاک هێمای زامیاد یان ئیزەد دوموزیدە کە ئیزەدی پاسەوانی ئەڕوان یان ناخ و ڕۆحە.

کەوڵ یان پێستی بەرخ هەمان تۆشک و تۆخڵی خاکە و هێمای بێداری زامیادە.

کەواتە ئەڕووان یان ڕوحی خوزا ئەکەوێتە جووڵە بە لەدایکبوونی نێرگال و زەوی گەرم ئەبێ و باپیرانی زانای ئێمەی کورد ئەم گەرم بوونەیان بە سووربوونەوەی ئاسن هەڵیانگێڕاوەتەوە کە هەمان تاجی شیدانە. شیدانیش تاجی سەری نێرگالە.

ئەم سووڕاندنەوە کە هێمای گەرم داهاتنی ئەنگوتکە یان ئەنگوشتەیە لە نێوان دوو هامزاددا دروست ئەبێ. هەروەک ووتم هامزاد لە ژێرخان(بەرازی کەوو) و وەرخان(بەرخی سپی) کە دوو تۆی زەوین مانا ئەگرن.

هامزاد واتە دووانە، هاوسێ، هاوزا، هاوسا. ناوقەدی هامزاد کە پشتی دوو هامزا تێیدا پێکەوە نووساون بە "پشت دو" ئەناسرێ و هێمای پشتدو دووپشکە. پشتدو لە هێمای هەناسەیە و لە مانگی یازدەدایە و نیشانەی تاجی نێرگالە وا ئەسووڕێتەوە. دووپشک هێمای تەزوو یا چزووە.

تەزوو بە کوردی واتە شۆک. ئەم شۆکە لە چزی دووپشکەوە بۆ مرۆڤ دروست ئەبێ.

ئەم تەزووە هەمان برووسکەی دەرکەوتنی چێرەی خودا لە ئاوێنەی ئانودایە وا شوشمەی لێکەوتەوە. ئەم تەزووە نیرو یان هێزی کارەبایە.

ئەم تەزووە لە نێوان دوو جەمسەردایە کە هەروەک باسم کرد واتە هامزا.

تەزوو لە پشتدودایە. پشتدو لە ئاودایە .

سێ برجی ئاسمانی ئاویمان هەیە: مانگەکانی تەنسەر واتە مانگی حەوتەم(جولای) بە هێمای گەڵا، ئانو یان ئاوان مانگی یازدەیەم(نۆڤەمبەر) بە هێمای لاسکەگیا، زامیاد یان مانگی سێ(مارچ) بە هێمای ڕەگ و ڕیشەی گیا. کام گیا؟ ڕەز یان دارترێ. لەبەر ئەوەی خودی ئەنگوشتە بە هۆشەترێ ناسراوە.

تەنسەر وێنای ئاو دەکا، ئانو وێنای نان دەکات و زامیادهێمای هەناسە.

تەنسەر(قرژانگ) لە ئاودا ئەچەرخێ و هێمای چەرخ یان سووڕانەوە خاچێکە وا ئەسووڕێتەوە بە دەور خۆیدا. خەتان فەرمانڕەوای پانتای ئاو واتە شارێنگ یا شەهڕەنگ یان ئەرژەنگە. ئەرژەنگ هەمان قرژانگە. کەواتە مانگی حەوتەم بەواتای پانتای ئاو دێ وا لە لە بەرددا ئەسیر کراوە.

ئەم پانتا ژێر و وەر ئەگرێتەوە لە خاک دا(چاوی ڕەش و سپی، پەڵە، بەڵەک، بل) و لە ئاودا مەند و لێڵ ئەگرێتەوە(ئەستێرەی خاس یان ئەشتەرخان، خەسرەوە) و لە ئاسمان دا ساماڵ سایە( شەو و مانگ، کازیوە) ئەگرێتەوە و لە ئاگردا زەرد و سور(ئەرخەوان، ئەژدیها) ئەگرێتەوە .

ئەمانەم نووسی بۆ ئەوەی بزانن کوڵە چوارشەمە واتە تۆخ هەڵخستنی زەوی لە هێمای نێرگال دا کە بە واتای بێداری دوموزیدەوە هێما کراوە و گەرما یان تین بڵێسە ئەدا کە بە خارونا یان ئەژدیها هێما کراوە و لەگەڵ شوشما یان هەڵهاتنی مانگ لە برجی بارام دا و گەشەی ئەستێرەی خەسرەوە یان قووڵ ئەستێر(پۆلاریس ستار) لە هێمای کامەران دا نیشانەی لەدایک بوونی گۆڕی بارام یان بارام-گوڕ یان گەرمای بارام کە سووربوونەوەی تاجی ئاسنینی ئیزەد نێرگال ە.

پێشینانی ئێمە ئەم سووربوونەوەی ئاسنی ئەم تاجە پیرۆزەیان بە شۆڕشی کەوە(بڵێسە ی خۆڵەمیش، ماشیاخ) لەقەڵەم داوە کە بە زیندوو بوونەوەی ئەخنۆش(ئاخنوک، کەکنۆز، قەقنۆز)واتە لەخەوهەستانی ناخی نووستووی دوموزید لە خوز باس کراوە. ئاسنی سوورەوە بوو لە لای باپیرانی ئێمە بە کەوە یان مشقەڵی ڕۆشن پێناسە کراوە و ئەم مشقەڵە بە وێنەی سەرە بەرازێکی ئاسنین درووست کراوە وا سێ سەری بووە و گڕی لێ هەستاوە. ئەمە بە کەوەی ئاسن یان کۆماسە یان کۆماسی ناوبانگی ڕۆییشتووە. دواتر بە هۆی ئەوەی دینی خەڵک گۆڕاوە و ئەم شتانەیان بە کفر و خورافە زانیوە لە بیر خەڵکیان بردووتەوە بەڵام دواتر بە ناوی چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر لە زمانی فردەوسییەوە بە نێرینی خەڵکی هەزار ساڵ پێش ئێستای خۆراسان کە لە ژێر کاردانەوەی کولتوری بودی و چینی و هندودا بووە بە کولتوری ئیسلامییەوە کراوە بە شێعر و لەم سی چل ساڵانەی دواییدا هەندێ لە خوێنەدەوارە کوردەکان لە ڕووی شاهنامەی فردەوسییەوە هێناویانەتەوە بۆ لای خۆمان. تەنانەت خۆم بابەتم لە سەر کاوەی ئاسنگەر نووسیوە و بڵاویش کراوەتە بەڵام ئەوە تەنیا کورتەباسێکە لە سەر داستانێک بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە وا من لێرە بۆتان باس ئەکەم.

لەبەر ئەوەی ڕۆح یان ڕەوان بە چڵە ڕەز یان دار ترێ پێناسە کراوە کەواتە خۆڵەمێشی ئەم چڵەڕەزە کە بە لاسکی ڕەز لە هێمای ئانودا پێناسە کراوە بە جامی مەی ناسراوەتەوە و بە "چکەخوێن" ئەناسرێتەوە کە ئاگری ژیانە و لە خۆشەویستی و بەزەیی خوداوە هاتووە.

ئەم چکەخوێنە ناخی می یە و ژیانبەخشە و پێگەی ئەم چڵەمێوە چونکە بنەچەی گیایی هەیە بە زەندوکە یان نانەدان یان کەندوەئارد پێناسە کراوە.

دواتر وشەی زەندوکە بە سەندوکە یان سەندوقەدا دووبارە کراوەتەوە. سەندووقە بە چوار پایەوە لە سەر زەوی ڕاوەستاوە. بۆیە بە ئەژدیهای چواردەست و پێی ڕاوەستاوەوە نەخشێنراوە لە بابەتە سومەرییەکاندا.

ئەم سندوقە چونکە لە جامی زێرینی ئانودا بووە و زێرین بوونی ئەم جامە ئەگەڕێتەوە بۆ بڵێسەی ئاگری تەقینەوەی خۆشەترێی ژیان وەک شێرێکی باڵداری زێرین کە ناوی گالزو(گڕەزو، گورزە، لەگزی)بووە هێما کراوە.

بنەچەی چڵە مێو هەروەک ووتم لە گیایە و بۆیە بە دوو خار یان خار-خار ناسراوە. خارخار واتە دڕووی نێرومێ. ئەم دڕووە تیژن وەک چزی دوپشک وا لە سەرەوە باسم کرد. چونکە ئەم دوپشکە لە پێگەی ئاویدایە کەواتە چزەکەشی ئاوییە.

بەم سندوقەیان وتووە ئەرکی سەرشان... لە ڕاستیدا ئەم سندوقە بە واتای ناخ دێ کە ڕەگی لە چکەخوێنی ئەرخەوان یان مەی دایە. ئەم ئەرخەوانەش کە ئەژدیهایە ڕەگی لە گیادایە و ئەوەش ڕەگی لە خوزادایە و خوزاش ڕەگی لە زەویدایە.

هەستانەوەی ئیزەد دوموزید لە خەوی خوزی ژێر زەوی بە واتای گەرم بوونی زەوی یە بۆ ژیان لە سەر زەوی.

ئەم ئەژدیها چواردەست و پێی هەیە و چوار هێمای نێرگال یان ئەنوشخە یان ئەنوشکەیە کە حاکمی هەسارەی بارام یان مارس ە.

ئێستا بە ئەنوشکە ئەڵێن قەقنۆز یان قەقنەس و لە ڕاستیدا لەدایک بوونی نێرگاڵ پەیوەندی بە خوێن جمانی چڵەمێوی ڕەوان هەیە و ئەوەش دەبێ پەیوەست بکرێ بە لەخەو هەستانی ئیزەد دوموزید لە خوز... کەواتە لەدایک بوونی نێرگال هێمای لەخەو هەستانی دوموزیدە و نێرگال پێشەکی هاتنە دەرەوەی زامیاد یان دوموزید لە ژێر زەوییەوەیە.

ڕاسته سەرەتا ئاگری کوڵە چوارشەمە ئەکرێتەوە پاشان ئاگری زوروان یا نەورۆز ئەکرێتەوە!

هیچ کەس تا ئێستا ئەم شتانەی باس نەکردووە بەڵام من ئێستا ئەمانەتان بۆ باس ئەکەم بۆ ئەوی هەڵیبگرن و لەمە بەدواوە وەک نەریت لە ژیانتاندا بەڕێوەی ببەن و بزانن ئەم نەریتانە لە زانست و هەبوونی خوداوە هاتوون و ئەرکی سەرشانتانە بیپارێزن...

خوا ئەم نەریتانەتان لێ پیرۆز بکا و فراوانیتان پێبدا... ئامین!